# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بۆ سەرئاو کردن دەچووە، من وگەنجێکی خزمەتکاری کوندەیەکی ئاو ودار گۆچانێکمان بۆی هەڵدەگرت؛ بە ئاوەکە خۆی پاک دەکردەوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بۆ سەرئاو کردن دەچووە، من وگەنجێکی خزمەتکاری کوندەیەکی ئاو* ودار گۆچانێکمان بۆی هەڵدەگرت (واتا بۆ یارمەتیدانی بە شوێنیەوە بوون)؛ بە ئاوەکە خۆی پاک دەکردەوە (تاراتی دەکرد)». *(کوندەیەکی ئاو: (جەوەنەیەکی دروستکراوە لە پێستی ئاژەڵ بۆ ئاو هەڵگرتن بەکاردێت

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- کە خزمەتکاری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک دەچوو بۆ سەرئاو کردن، ئەو ولەگەڵ کوڕێکی تر ئاوی خۆ پاککردنەوەیان بۆ دەهێنا، لە کوندەیەکی ئاودا کە لە پێست دروستکرا بوو، وهەروەها شتێکیان بۆ دەهێنا بۆ ئەوەی لە پێش چاوی خەڵکی دیار نەبێت، وئەمیش بریتی بوو لە گۆچانێک کە لە لایەکی ئاسن هەیە، ودەچەقێنرایە سەر زەوی، وشتێک لەسەری دادەنرا وەکو: جل یان قوماشێک بۆ ئەوەی دایبۆشێت لە سەیرکردنی خەڵکی، وهەروەها جاری وابوو خۆی پێ دادەپۆشی لە سەیرکردنی خەڵکی ئەگەر بیویستایە نوێژ بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3030

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee